# فۆرمی ژمارە (٢)

## تۆمارکردنی ڕێکخراوی ناحکومی عێراقی

ئەم فۆرمە تایبەتە بە تۆمارکردنی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی عێراقی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بەپێ حوکمەکانی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١١، لەسەر هەر ڕێکخراوێکی ناحکومی عێراقیە ئەم زانیاریانەی خوارەوەی فۆرمەکە پڕبکەنەوە،کە بەشێکن لە داواکاریەکانی تۆمارکردنی ڕێکخراوی ناحکومی عێڕاقی لە هەرێمی کوردستان.

**<u>بابەتەت تۆمارکردن:</u>**

ئێمە کە بەڕێوەبەری ڕێکخراوین لە هەرێمی کوردستان و ناو و زانیاریمان لە خوارەوە هاتووە، داواکارین کە ڕێکخراوەکەمان بەو ناو و ناسنامەی خوارەوە لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان تۆمار بکرێت.

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ناوی ڕێکخراو بە کوردی (ئەگەرهەبێت) | |
| ٢ | ناوی ڕێکخراو بە عەرەبی | |
| ٣ | ناوی ڕێکخراو بە ئینگلیزی(ئەگەرهەبێت) | |
| ٤ | کورتکراوەی ناوە ئینگلیزیەکەی ڕێکخراوەکە (ئەگەرهەبێت) | |
| ٥ | ژمارەی تۆمارکردنی ڕێکخراو لە عێراق. | |
| ٦ | ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی لە عێراق | |
| ٧ | ناونیشانی ڕێکخراو یان نوێنەری ڕێکخراو لە هەرێم. | شارەکان: هەولێر ☐ سلێمانی ☐ دهۆک ☐ هەڵەبجە ☐<br>ئیدارە سەربەخۆکان: سۆران ☐ ڕاپەڕین ☐ گەرمیان ☐ زاخۆ ☐<br>ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم: ...................................... |
| ٨ | سەرچاوەی دارایی | |
| ٩ | ژمارەی تەلەفۆنی ڕێکخراوە | |
| ١٠ | ئیمەیلی ڕێکخراو | |
| ١١ | ماڵپەڕی ئەلەکترۆنی (ئەگەر هەبێت) | |

## ١٢. بواری کاری ڕێکخراوەکە:

بەگوێرەی یەکێ لەو سێکتەرانەی خوارەوە وەک تایبەتمەندێتی ڕێکخراوەکە، بواری سەرەکی دەستنیشان بکە:

| | سێکتەری کارکردن | √ | | سێکتەری کارکردن | √ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاژەڵان، ژینگە، ئاو، کشتوکاڵ، گەشت و گوزار | | ٧ | تەندروستی، دەروونی، خاوەن پێداویستی تایبەت. | |
| ٢ | پەروەردە و فێرکردن، خوێندنی باڵا، ئەکادیمی، توێژینەوە و ڕاپرسی، هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون. | | ٨ | مرۆیی، ئاوەرە و پەنابەر، فریاکەوتن، خێرخوازی. | |
| ٣ | ئایین و ئاینزاکان، کەمایەتییەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەوی | | ٩ | پەرەپێدانی مرۆیی، گەشەپێدان، ڕاهێنان، هەلی کار. | |
| ٤ | منداڵان، خانمان، گەنجان و لاوان، خێزان، کۆمەڵایەتی | | ١٠ | شەهیدان، پێشمەرگە، جینۆساید، ئەنفال، قوربانیانی دەستی تیرۆر، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. | |
| ٥ | مافی مرۆڤ، دادپەروەردی، شەفافیەت و گەندەڵی، دەستور و یاسا، هەڵبژاردن، دیموکراسی. | | ١١ | هۆشیاری گشتی، ماددەی هۆشبەر، هاتووچۆ، | |
| ٦ | هونەری، ڕۆشنبیری، وەرزش، فۆتۆگرافی، ڕۆژنامەنووسی، میدیایی، دۆکیومێنتاری، ئەدەبی، شوێنەروار، کەلتور. | | ١٢ | زانستی، وزە، قەرزی بچووک، تەکنەلۆژیا، ئەندازیاری، ئابووری، ئاوەدانکردنەوە، پیشەسازی. | |

## ١٣. زانیاری بەڕێوەبەری هەرێمی:

| بابەت | زانیارییەکان | | |
|---|---|---|---|
| ناوی چواری و نازناو | | | |
| ڕەگەز | نێر ☐ مێ ☐ | | |
| ناوی سیانی دایک | | | |
| ڕێکەوتی لە دایك بوون | | | |
| ژمارەی تەلەفۆن | | | |
| ئیمێل | | | |
| ناسنامە (ڕەگەزنامە) | عێراقی ☐ بیانی ☐ | | |
| شوێنی نیشتەجێبوون | | | |
| پۆستی لە ڕێکخراو | | | |
| ئاستی خوێندن | نەخوێندەوار ☐ بنەڕەتی ☐ ئامادەیی ☐ دبلۆم ☐ بەکالۆریۆس ☐<br>دبلۆمی باڵا ☐ ماستەر ☐ دکتۆرا ☐ | | |
| پسۆری | | | |

## بەڵێنامە:

من کە لە خوارەوە واژووم کردووە بەڵین دەدەم بە جێ بەجێکردنی تەواوی مەرجەکانی خوارەوە کە پەیوەندی بە تۆمارکردنی ڕێکخراوەکەمان هەیە:

١- هەموو داهاتەکانی ڕێکخراو تەنها بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بەپێی ماددەی یەکەم/ بڕگەی دووەم و ماددەی بیست و یەکەم لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ بەکاردەهێنرێن.

٢- بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانە، کە تیایدا بەووردی ئاماژە بە تەواوی سەرچاوەکانی داهات و پشتیوانی ڕێکخراو کرابێ و سەرجەم دەرخستە و مامەڵە دراوییەکانی تیادا هاتبێ، بەپێی حوکمەکانی ماددەی چواردەمی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١١ یش کارەکانی ژمێریاری و دراویمان ڕێکخستبێ.

٣- بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی چالاکیەکانی ڕێکخراوەکەمان، کە تیایدا ئاماژە بە بیرۆکەی پرۆژەکان وپلانی داهاتوو کرابێ، بەپێی ماددەی نۆزدەم لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١١ و توانا و شارەزایی ڕێکخراوەکەمان بخەینە ڕوو.

٤- نوێکردنەوەی بڕیاری کارگێری لە وادەی خۆی بەشێوەی دەوری بەبێ دواکەوتن بە هەرهۆکارێک.

٥- کەوا تۆماری تایبەت بە ئەندامان و بڕیارەکان و ژمێریاری و هەبووەکان بکەینەوە، بەپێی ماددەی دوانزەم لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ چوار تۆمارەکان ئەرێکرابن.

٦- کەوا هیچ کارێك ئەنجام نادەین کە پێچەوانەی یاسا بەرکارەکانبێت و کاریگەری نارێنی هەبێت لەسەر بەرژەوەندیە باڵاکان و ئارامی هەرێمی کوردستان.

٧- کە سەرۆکی ڕێکخراو و جێگرەکەی و دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوەکەمان جگە لە ڕێکخراوەکەی خۆمان لە هیچ ڕێکخراوی تر لە ناو هەرێمی کوردستان کارنەکەن.

٨- کە لە ماوەی یەک مانگ دوای وەرگرتنەوەی بەڵگەنامەی تۆمار و بڕیاری کارگێری، و هەژماری بانکی تایبەت بەڕێکخراوەکەمان لە یەکێ لە بانکەکانی هەرێمی کوردستان بکەینەوە، هەموو ئاڵو گۆڕێکی دراویشمان تەنها لە ڕێگای ئەو ژمارە بانکیەوە دەبێ بەپێی ماددەی چواردەم، بڕگەی یەکەم لە یاسای ژمارەی(١)ی ساڵی ٢٠١١.

٩- کەوا هیچ کاتێ بەبێ ڕەزامەندی فەرمی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان ژمارەی بانکیەکەمان دانەخەین، یان نەیگۆڕین، یان هەژماری تر بەکارنەهێنین و گۆڕانکاریش لە ناوی ئەو کەسانە نەکەین، کە ڕێگەپێدراون بۆ کارکردن بەم هەژمارە بانکیەی ڕێکخراوەکەمان.

١٠- نابێ هیچ ڕێکخراوێک چالاکیەکانی بەشێوەیەکی فەرمی دەستپێ بکا، بەر لەوەی بڕوانامەی تۆمار و بڕیاری کارگێڕی بۆ دەرچووبێ، یان دوای بڕیاری ڕاگرتنی یان سڕکردنی لەلایەن فەرمانگەوە بەپێی ماددەی پانزەم بڕگەی دووەم یان دوای دەرچوونی بڕیاری کارگێڕی ناوخۆیی یان بڕیاری هەڵوەشانەوەی لەلایەن دادگا .

١١- بۆ ڕێکخراوەکەمان نیە بەهیچ جۆرێک چالاکی وا ئەنجام بدا یان بەشداری بکا کە ناوەڕۆکی چالاکیەکان ناکۆک بن بەحوکمەکانی ماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١١.

١٢- بەکارنەهێنانی دەستەواژە و ناوی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان یان ئەنجومەنی وەزیران یان هەر دەستەواژەیەکی تر، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ به ئاشکرا گوزارشت لەوە بکا کە ڕێکخراوەکە بەشێکە لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم یان پارتێکی سیاسی چ لە نووسراوەکان لە ووتار و چالاکیەکان یان لەسەر ناسنامەی ئەندامان .

١٣- هەماهەنگی کردن لەگەل فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە چوارچێوەی یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان-عێڕاق ژمارە (١) ساڵی (٢٠١١) و پەیڕەوی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ژمارە (١) ساڵی (٢٠١١).

| |
|---|
| ناوی بەڕێوبەری ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستان |
| ژمارەی تەلەفۆن: |
| ڕێکەوتی واژووکردن و واژوو : |

## ئەم زانیاریانەی خوارەوە، کە لەم لاپەڕەیە هاتووە، تەنها لەلایەن فەرمانگەوە پڕدەکرێنەوە

پسولەی وەرگرتنی داواکاری تۆماری ڕێکخراوی ناحکومی عێراقی بەشی(١)، کە لای فەرمانگە دەبێ

**(ماددەی یانزدەیەم، بڕگەی یەکەم لەیاسای ژمارە(١) ساڵی ٢٠١١ )**

ناوی رێکخراو : ................................................................................ کۆدی ڕێکخراو: .................

ناوی نوێنەری رێکخراو: ....................................................................

واژووی نوێنەری رێکخراو: ..............................................................

ڕۆژی وەرگرتنی داواکاری: ...........................................................

ناوی فەرمانبەری تۆمار: .................................................................

واژۆی فەرمانبەری تۆمار : مۆری بەڕێوەبەرایەتی تۆمار

تێبینێ: ئەم فۆرمە بە بەڵگەنامەی فەرمی دادەنرێ بۆ بەداواداچوونە یاساییەکان ، بەشی دووەم لای رێکخراوەکە دەبێ.

---

پسولەی وەرگرتنی داواکاری تۆماری ڕێکخراوی ناحکومی عێراقی بەشی(٢)، کە لای نوێنەر دەبێ

**(ماددەی یانزدەیەم، بڕگەی یەکەم لەیاسای ژمارە(١) ساڵی ٢٠١١)**

ناوی رێکخراو : ................................................................................ کۆدی ڕێکخراو: .................

ناوی نوێنەری رێکخراو: ....................................................................

واژووی نوێنەری رێکخراو: ..............................................................

ڕۆژی وەرگرتنی داواکاری: ...........................................................

ناوی فەرمانبەری تۆمار: .................................................................

واژۆی فەرمانبەری تۆمار : مۆری بەڕێوەبەرایەتی تۆمار

(تێبینێ: - ئەم فۆرمە لەلای رێکخراوەکە دەبێ وەک بەڵگەنامەی فەرمی بۆ بەداواداچونی رێکخراوەکەت.

- لەکاتی سەردانی فەرمانگە بۆ چاکسازی یان وەرگرتنەوەی بڕوانامەی تۆمار، دەبێ ئەم پسولەیەتان لابێ.